# چەپکە دیاری دەستی هۆنراوەیەکی بەوەفا

بورهان بەرزنجی
(کەرکووک/ دوزخورماتو)

١

**ئۆقرە ناگرێ دڵی با**

زۆر ئەترسم شەقامە مل درێژەکانی ئەوێ
نە خوێنەواربن و
بۆیان نەکرێ ماچەکانی لێویان وەک من
لە سەر شوێن پێکانت دانێن،
ئەترسم شۆستە نەتناسێ و
نەزانێ عیشقی تۆ چۆن زیارەت ئەکرێ،
وەک هۆنراوە دەروێشەکانی من سۆزت نەژەنن
بیرتە.. ئەو ساتە وەختەی کە هاتییە دڵمەوە
چۆن گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی سۆزی من
پێشوازییان لێ کردی
چۆن ئەو درەختە باوەشی بە جوانیتدا کرد و وێنەیەکی لە
سێبەری قژتا چرکاند،
چۆن ئاو هەر بۆ ئەوەی
واژووت لەسەر هەناسەیاندا جێ بهێڵی بووبوون بە
ئاوڕشێن،
ئەی بیرتە..
ڕووبارە قژ درێژەکە چۆن لێت هاتە پێشەوە و
دەستی دووبارە ماچ کردی
کچە گەورەی شیعرزام بوو
پێی ئەوتم..
نەمردمایە لە ئاوی کەوسەری دیداریدا
هەردوو قاچم لە تەشتی ڕوحمدا بشۆردایە،
ئەی بیرتە..
لێرەوە تا ئەوێ بەم بەر و ئەو بەری ڕوحمدا
باران چۆن بە تەڕی لە پێشوازیتدا وەستابوون،
شیعرەکانی منت بینی
کە چۆن ملیان بۆ ڕەت بوونت دائەنواند
ئەوان ئەڵێن تا ئەو کاتەی
لەسەر قەرەوێڵەی دڵی باخی گشتیدا ئەنوێ
ئۆقرە ناگرێ دڵی با..!!



٢

**دەوەرەوە**

دەوەرەوە کەمێک دەستەکانم بگرە
هەڵلەرزینی بەر سەرمای بێ کەسی ناگرم،
شەوانە دەیان خەونی تێکشکاو ڕاوم ئەنێن
گەڕەک نەماوە وەک قردێلە
پارچە شکاوی دڵی من
لە قژی درێژی تەنیاییدا هەڵئەخستبێ،
دەوەرەوە بە دەستی خۆت
پەستانی خوێنی درەختەکانی دڵم بگرە
بە چاوی خۆت ببینە
چی لەشکرێکی خەفەت هێرشم بۆ دێنێ
گەڵا بە دوای گەڵای درەختی ڕوحم شەهید ئەکەن
تۆ وەرەوە
هەرچی ئەنووسی لەسەر دیوارەکانی سینەم بنووسە
کراسەکانت بە کام برژانگم هەڵئەواسی هەڵبواسە
ئیتر داوای هیچت لێ ناکەم
خۆش بەختم ئەگەر پڕ بە گیرفانەکانم تۆم هەبێ...!!

٣

**ڕووت ڕووتم بێ تۆ**

نە لە گەڵ باران هاتی نە لە گەڵ گڤەی بادا
دەرگەت لێ کردمەوە،
دیواری گەڕەک لە دڵۆپە میوان پڕ بوون و
تۆم نەهاتی لە هەناسەکانت چۆڕەم بێ،
شنە با قژی گەڵا بە گەڵای درەخت و
دەرگە و پەنجەرەی هەموو ماڵێکی شانە کرد و
تۆم نەهاتی قژی ئاڵۆزکاوی تەمەنم شانەکەی،
هەر چی دڵ هەیە هاتنە پۆست کردنی نامە بۆ
مەعشووق و
کراسی تازەی هیچ نامەیەکت پۆشتەی نەکردمەوە،
لە بەربانگی هیچ مەخلووقێکدا ڕۆژووم نەشکاند
لە سفرەی تۆ نەبێت،
لە ئەلف و بێی هیچ نووسراوێک فێری خۆشەویستی
نەبووم لە ئیشقی تۆ نەبێ،
پەنجەکانم هیچ قەڵەمێکی قسەخۆشیان نەگرتە
دەستەوە قەڵەمی عیشقی تۆ نەبێ،
ئەوەتام کراسی خۆشەویستی ئەڕێسم و
تا تۆ نەیەیتەوە لەبەری ناکەم،
ڕووت ڕووتم بێ تۆ...!!

٤

**نامەی درەختێ بۆ گەڵا**

گەڵا ئیتر ناهێڵم بوەرێی
بوار نادەم ڕەشە با کراسەکەت هەڵدڕاتەوە و
لە ڕوحی خۆشەویستیت دەرتبێنێ
سواری ئاو بی و کۆچ ببێتە خانەخوێت و
لە تەنیشتی شۆستەیەکی قەدر نەزان داتنیشێنێ،
ناهێڵم باخ ناسنامەت لێ بسێنێت و
تەسلیم بە خاکێکت بکا نەدی و نەناس،
من ناهێڵم باران بتبا و جلی قوڕاوی گریانت پێ لە بەرکا،
من دارستانێکی شیعرم
هەوارێکم پاییز ناتوانێ پەراسووی خۆشەویستی من
بشکێنێ،
داڵدەیەکم لەسەرووی سەرووی دڵمدا هەڵت ئەگرم
ئەگەر نووستی سەرت لەسەر شانی قەسیدەیە دانێ
بەخەبەر بووی لەسەر کورسی چاوەکانما دابنیشە
پیاسەی ئێوارانت گەر ویست
بەسەر جادەی تەنیایی منا بڕۆ
نایەڵم قاچی خەیاڵت گەرد هەڵگرێ،
بەسەر ڕوحی قیرتاو کراوی جەستەما هەنگاو بنێ
گەڵا ملوانکەی بەختی درەختم
من بۆ تۆ وام.. خۆشم ویستووی..!!

٥

**بڵێی ئەو ڕۆژە بێت**

دووریت قەدی کراسەکانی بەختم ئەشکێنێ
ڕەنجی چەن ساڵەی گوڵەکانم ئەداتە دەستی ڕەشە بایەکی
نەفام،
من هەور نیم و جەستەم تەڕ تەڕە لە سۆز،
ڕووباری دووریت تەمەنم ئەخنکێنێ و
نەرمە بارانی هەواڵێکت زیندووم ئەکاتەوە،
تۆ بڵێی کانی دیدارت بتەقێت و
ئاوی کەوسەرت تینوێتی ئەم عیشقەم بشکێنێ
ماکسی ئاورێشمینی چاوانت دامپۆشێ و
بحەسێمەوە
بڵێی ئەو ڕۆژە بێت
هەناسەکات وەک ناسنامە لە گیرفانمدا هەڵگرم
لە بازگەکاندا بە هەناسەکانی تۆوە بمناسنەوە.